# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی بابەتی توێژینەوە

کێشەی توێژینەوە

گرنگی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوە

سنورەکانی توێژینەوە

پێناسەی زاراوەکانی توێژینەوە

شێوازی توێژینەوە

# کێشەی توێژینەوە

١- پاراستنی میلۆدی گۆرانی کوردی لەچوارچێوەی چەند دانراوێکی کوردی هاوچەرخ.

٢- ئەم توێژینەوە گۆرانی میلۆدی گۆرانی کوردی وەک هەوێن لە دانانی کۆمەڵێک پارچە موزیکی هاوچەرخی کوردییدا بەکار دەهێنێت. کە بە هۆی ناجێگیری بارودۆخی سیاسی کوردستان و ناوچەکە، بەشێکی زۆری ئەم گۆرانییانە تۆمار نەکراون و وشەکان و نۆتەکانییان نەنوسراونەتەوە، بۆیە هەتا ئەمرۆش بەزارەکیی لە نەوەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگوازرێنەوە. هەروەها بەشێک لە نۆتەکانی ئەو گۆرانییانە کە نوسراونەتەوە و چاپیشکراون، هەڵەیان تێدایە، زۆر تەواو نین و ناشێت ڕاستەوخۆ بۆ توێژینەوەی زانستی بەکاربهێنرێن. بۆیە توێژەر بە پێویستی زانی لە سەرەتادا بەشێک لەم گۆرانیانە بەشێوەیەکی ئەکادیمی بنوسێتەوە و بۆ کاری لێکۆڵینەوەکە ئامادەیان بکات.

٣- زۆر بە کەمی توانراوە میلۆدی گۆرانی کوردی لە ناو چوارچێوەی بۆتەیەکی موزیکی پیشانبدرێن و بە شێوەیەکی ون ماونەتەوە، نەتوانراوە بە هۆی تەکنیکە هەمەجۆرەکانی کاری موزیکدانان، پێکهاتەی مۆتیڤ و ڕستە و فرێزەکانی ئەم گۆرانییانە پێشبخرێن و شێوازێکی هارمۆنی و میلۆدی جوانیان لەناو چوارچێوەی هەمەجۆر دانراوی موزیکی وەک: سۆلۆی پیانۆ، چوارینەی ژێدار و تریۆ و دووێت و ئامێرە موزیکییە کوردییەکان، ئۆرکێسترای ژێدار و هتد... لێ پێکبهێنرێ

٤- ژەنیارانی کورد نۆتە و سکۆری پەسەند و کتێبی پێویستیان لە بەر دەستدا نییە بۆئەوەی سودیان لێوەربگرن و بیانژەنن. ئەو کتێب و نۆتانەی کە چاپیشکراون تەنیا میلۆدی گۆرانییەکانیان بڵاو کراوەتەوە، بێ ئەوەی هیچ دانراو و سکۆرێکی موزیکییان لەم گۆرانییانەوە پێکهێنابێت.

٥- هەروەها تا ئێستا لە کوردستانی باشوور تیپە موزیکییەکان پێناسێکی ڕوونیان نییە، بە پێی جۆر و پسپۆڕی ژەنیارەکانیان موزیک پێکدەهێنن.

## گرنگیی توێژینەوەکە:

١- سەرچاوەی هەمەجۆر و نوێ لە موزیکی کوردیدا بەرهەم دەهێنێت، لە ئەنجامدا دەبێتە ئەزمونێکی نوێیی موزیکدانانی کوردی، لە عێراقدا بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی.

٢- هەوڵێکی زانستی گرنگ دەبێت کە میلۆدی گۆرانی کوردی دەکات بە هەوێنی چەند دانراوێکی هاوچەرخی کوردی و بە زمان و دارشتنی موزیکدانانی نوێ پێشکەشیان دەکات.

٣- کۆمەڵێک دانراوی هەمەرەنگ پێشکەش دەکات، بۆ ئەوەی لەلایەن قوتابیان، مامۆستایانی کۆلێژ و پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکانی کوردستان لە وانەکانی ژەنین، پراکتیک، کۆمپۆزیشن و شیکردنەوە سودیان لێ وەربگیرێت و بەجێبهێنرێن.

٤- موزیککاران سود لە ئەنجامەکان و سکۆرەکانی ئەم توێژینەوەیە وەردەگرن و ئاستی کۆنسێرتەکانی موزیک بەرزدەکەنەوە و میدیای کوردی دەوڵەمەندتر دەکەن.

٥- دەبێتە سەرچاوەیەکی بەسوود، بۆ توێژەران، لە هەمان کاتدا سوودی بۆ هەر خوێنەرێکی دیکە دەبێت کە بیەوێت لەم بارەیەوە زانیاری هەبێت.

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

١- پاراستن و نوسینەوەی ژمارەیەک لە میلۆدی گۆرانی کوردی، چونکە بەپێی زانیاری توێژەر هێشتا بەشێکی زۆری ئەم گۆرانییانە نەنوسراونەتەوە.

٢- شیکردنەوەی پێکهاتەی گۆرانییەکان و گەڕان بە دوای تایبەتمەندییەکانیاندا.

٣- پێشخستنی ئەم جۆرە گۆرانییانە، لە ڕووەکانی: ڕیتم، میلۆدی، هارمۆنی، دارشتن و فۆرم.

٤- ناساندن و دەستەبەرکردنی کۆمەڵێک نموونەی موزیکی هاوچەرخی کوردی بۆ ئاستی جیاواز، ئاشناکردنی قوتابیان، مامۆستایان، موزیکژەنان، دانەران و توێژەران پێیان.

٥- بەخشینی ناسنامە بە تیپ و دانراوەکانی موزیکی کوردی لە کوردستانی باشوور.

## سنوورەکانی توێژینەوەکە.

**١- سنووری مێژوویی:** ئەم توێژینەوەیە میلۆدی گۆرانی کوردی شاری هەولێر لە ماوەی ٣٠ساڵی رابردوو دەگریتەوە

**٢- سنووری جوگرافی:** لە ڕووی جوگرافیاوە سنووری ئەم توێژینەوەیە، میلۆدی گۆرانییە کوردییەکانی تایبەت بە شاری هەولێر دەگرێتەوە.

٣- **سنوری بابەتی:-** بەکارهێنانی میلۆدی گۆرانی کوردی دەگرێتەوە لە موزیکدانانی کوردی هاوچەرخدا شاری هەولێر وەک نمونە.

**پێناسەی چەمکەکان**

١- **موزیک:-** هونەرێکی دانراوی ئاوێتەیە لە دەنگەکانی موزیک کە شارەزایانی بواری موزیک بنەرەتی وشە کە بۆ شارستانیەتی یۆنانی دەگەڕێتەوە، کە لە کۆندا واتاکەی بریتی بوو لە هونەر بەگشتی واتە تەنها پێک نەهاتبێت لە دەنگەکانی موزیک یان ئاوازەکانی موزیک بەڵکو بریتی بێت لەناسینی هونەری موزیک لەهەموو لایەنەکانی وەک میلۆدی دەنگەکان و ڕێکخستنی ئەم دەنگانە و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوانیان و ناسینی کێش و ڕیساکانی موزیک و پێکەوە بەستنەوەیان لەگەڵ دەنگەکانی موزیک بەگشتی لەڕووی کۆکی و ناکۆکیان. (ئەحمەد.هەژار، ٢٠١٧، ل١١).

٢- **میلۆدی:-** میلۆدیش یان ئاواز دووەم ئەستێرەی مۆسیقایە کە دوای ڕیتم یان ڕەزم دێت سەبارەت بە گرنگی رۆڵی ڕەزم ومیلۆدی یەکێک لە لێکۆڵەران دەڵێ ( ئەگەر ڕەزم لە بیر و مێشکمان دا ئەوە بێت کە پەیویستە بە جولەی سروشت، ئەوا میلۆدی لە بیرو مێشکمان دا ئەوەیە کە پەیویستە بە هەستەوە (شعور) کاریگەری هەر یەکە لەم دوو توخمەش بۆسەرمان کاریگەریەکی گەورە و شاراوە و نادیارە.

**٣- گۆرانی کوردی:-**

لەگەڵ بوونی کورد دا، گۆرانی کوردیش هەبووە، گۆرانی بووە بە بەشێک لە ژیانی کورد، بووە بە هۆکارێک بۆ گوزارشتکردن لە هەست و سۆز و لە خۆشەویستی و لە لە خۆشییەکانی ناخی دەروونی.. ئێمەی کورد خاوەنی گەنجینەیەکی زۆر دەوڵەمەندین لە گۆرانی فۆلکلۆری هەمەبابەتی ڕەسەن، کە مۆرک و تایبەتمەندی و ڕەنگ و بۆی کوردەوارییان پێوەیە دیارن و جیاوازیاشیان هەیە لەگەڵ گۆرانییەکانی گەلانی تر.. بە سەدان بەیت و بالۆرێ و گۆرانی فۆلکلۆری و میللی کوردیمان هەن، کە تا ئەمڕۆش چێژ و خۆشییان کاڵنەبوونەتەوە.. داگیرکەرانی کوردستانیش نەیانتوانی ژینوسایدی گۆرانییە کوردییە ڕەسەنەکانمان بکەن، گەرچی بەشێکیان لێدزیوین و شیواندوویانن .
ڕەزا شوان ، گۆڤاری خەندان

**٤- شاری هەولێر.**

هەندێ لە زانایانی هەولێر و هەرێمی کوردستان بەلانکەی مرۆڤایەتی دەزانن، چونکە ئەشکەوتی شانەدەر باشترین بەڵگەی مێژوویی مرۆڤە بەوپێیەی کە ئەشکەویتێکە لە جیهان گرنگی تایبەتی هەیە و کەوتووەتە نزیک شاری هەولێر،تەمەنی ئێسکبەندەکان کە بۆ 60 تا 65 هەزار ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە بەرێگەی زانستی سەلمێنراوە بەدرێژایی مێژوو، تا ئێستا هیچ رۆژگارێکی ئەو ناوچەیە

واتا ئەشکەوتەکە و شاری هەولێر بێ مرۆڤ و دانیشتوان نەبوونە. هەولێر کۆنترنی شاری جیهانە تا ئێستا بە ئاوەدانی ماوەتەوە.

ویکیپسایدی رسمی شاری هەولێر.ئەحمەد حەیران

**میتۆد و شێوازی توێژینەوەکە و ئاموازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری.**

## میتۆدی توێژینەوە:

میتۆدی توێژینەوەکە شیکاری و پڕاکتیکییە

## شێوازی توێژینەوە:

بەشێوەیەکی گشتی لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە میتۆدی شیکاری و پڕاکتیکی بەستووە، چونکە توێژینەوەکە لەلایەنی تیۆرییەوە هەموو چەمک و تایبەتمەندییەکانی پەیوەست بە کاری موزیکدانان دەناسێنێت و لە لایەنی پڕاکتیکیشەوە کۆمەلێک دانراوی کوردی هاوچەرخ بەرهەم دەهێنێت.

## ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان:-

بێگومان بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان و وەرگرتنی ڕای پسپۆڕان و ڕیکۆردکردنی دەنگی شارەزایان، توێژەر پشتی بە گەلێک ئامراز بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بەستووە، وەک یوتوب، فەیسبوک، کاسێت، سی دی و نۆتە دەستنوسەکان. هەروەها لە پێناو دەستکەوتنی زانیاریەکان سوود لە ئامێری مۆبایل و ڕیکۆردەر وەرگیراوە بۆ پەیوەندی کردن و تۆمارکردنی دەنگی شارەزایان و هونەرمەندان، چونکە بەشێک لە پسپۆڕان و ئەو هونەرمەندانەی کە لەم تیپانەدا لە ڕابردوو بەشێوەی مەیدانی کاریان کردووە، یان لە شارەکانی دیکەی کوردستاندا یان لە دەرەوەی وڵات دەژین و گەیشتن پێیان ئاسان نەبوو. توێژەر دوای وەرگرتنی ڕای ئەم پسپۆڕانە و وەرگرتنی زانیارییەکان لە ڕێگەی ڕیکۆرد و چاوپێکەوتنەکان وەک باسمان کرد، هەڵسا بە پاکتاوکردن و هەڵبژاردنی بیروڕا ڕاست و گونجاوەکان و پشتگوێخستنی بیروڕا نەگونجاوەکان و لێکدانەوەیان لەگەڵ یەکدی و دواجار نوسینەوەی بیروڕا ڕاستەکان لە سەر بابەتی ناوبراو.